به بۆنەی بیست و شەشەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# گوڤاری ڕامان گەنجینەیەکی بەهادار و سەکۆیەکی ئەدەبیی سەنگینە

زریان کاکەیی
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

**چەند پەیڤێک لە ستایشی دەرچوونی بیست و حەوتەمین ساڵیادی گۆڤاری (ڕامان)دا**

گۆڤاری ڕامان، لە ماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکدا، توانیویەتی (٣١٥) ژمارە بەچاپ بگەیەنێت و لە سەرجەم بوارەکان و ژانرە ئەدەبییەکاندا بابەت بڵاوبکاتەوە. خزمەتی هزریی و زمان و مەعریفەی فرەڕەهەندی بەرچاوی پێشکەش بە خوێنەران و کتێبخانەی کوردستان کردووە. گۆڤاری ڕامان لە ناوەوە و دەرەوی کوردستاندا، هەمیشە بێ جیاوازی، دەرگای بۆ هەموو تەمەن و لایەن و توێژ و ناوچە و جێندەرێک کراوە بووە.

گۆڤاری ڕامان بە زمان پاراوی، جوان و پوختیی ڕێنووسی، دیزاین و لایەنی بەرز و تایبەتی هونەری ڕەسەن خۆی بە خوێنەران ناساندووە و بەردەوام لە گەشەکردندا بووە و پارێزگاری لە پێگەی بەرزی ناوەرۆک و لایەنی هونەری خۆی کردووە. گۆڤاری ڕامان بە قۆناغە ئاڵۆز و سەختەکاندا گوزەری کردووە و بەردەوام بووە. لە سەردەمە هەرە تاریکەکاندا تۆوی خەون و ئومێدی یەکبوون و سەربەخۆیی کوردستانی لە ناخ و بیری خوێنەرانیدا چاندووە و هەمیشە خۆی لە ناوچەگەری و جیاکاری و ململانێی بێهوودە پاراستووە.

ڕامان لێزانانە گەشەی بەخۆی داوە و لە قۆناغە جیاجیاکاندا خۆی تازە کردووەتەوە، هەمیشە هەوڵی داوە کێرڤی گەشە و داهێنانی هەمەلایەنەی خۆی بەرز بکاتەوە و ببێتە جێگای متمانەی نووسەران و ڕۆشنبیرانی شارەزا، هاوکات ببێتە ماڵێک بۆ قەڵەمە بە بڕشتەکان، لە هەمان کاتدا، لە پیادەکردنی کولتوورێکی قووڵ و سەنگینی ڕۆشنگەرانە داهێنەر بووە، کە لەسەر بنەمایەکی مەعریفی دەوڵەمەند بەردەوامی بە خزمەتکردنی خۆی داوە و بەرچاوڕوونی بە نووسەر و خوێنەرانی گەنج بەخشیوە لە بواری ڕێنووسی زمانی کوردی و بوارەکانی نووسینی ئەدەبیدا، هەروەها ڕۆڵی لە دروستکردنی کولتوورێکی ئەدەبی فرەچەشنی هاوچەرخی بنکە فراوانی لەسەر بنەمای کوردستانی گەورە و دیاسپۆرا

گێڕاوە.

لە دیوێکی ترەوە گرنگیدانی ڕامان بە فرەڕەنگی شێوەزار و بن زاری ناوچەکانی کوردستانی گەورە و پاراستنی تایبەتمەندییان وەکوو مۆرکی تایبەتیی گۆڤارێکی بێ پێشینە ناسراوە، هاوکات لە ڕووی دیزاین و ئیستێتیکی و فۆرمەوە، بەردەوام لە ئاستی چاوەڕوانی خوێنەرانیدا بووە و پێگەیەکی پیشەگەرانەی بەرز و سەنگینی پێشکەش کردووە.

لە سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری ڕامان، پێشتریش چەندان گۆڤار دەرچوون و خزمەتیان بە زمان و ئەدەبی کوردی کردووە، بەڵام بە داخەوە زۆریان بەهۆی بارودۆخی سەختی قۆناغە ئاڵۆز و پڕ ئاستەنگەکاندا، بڕستیان لێ براوەو نەیانتوانیوە لە خزمەت کردن بەردەوام بن. جێگای تێڕامان و لەسەر وەستانە، کە گۆڤاری ڕامان سەرەڕای چەندان گرفت و قۆناغی سەخت، بارودۆخی قەیراناوی، توانیویەتی بە کۆشش و قوربانیدانی ستافی ڕامان و خۆنەویستی نووسەران و ڕۆشنبیران، لە درێژەدان بە خزمەتکردنی زمان و ئەدەبی کوردی بەردەوام بێت.

من ساڵانێکی زۆرە خوێنەری گۆڤاری (ڕامان)م، بە گشتی زۆر سوودم لێوەرگرتووە و لێیەوە فێربوومە، لەلای خۆمەوە هەمیشە شانازیم پێوە کردووە. هەرجارێک گەڕاومەتەوە کوردستان چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (ڕامان)م لەگەڵ خۆم بردووەتەوە دانیمارک، زۆر جار بابەت هەبووە زیاتر لە جارێکم خوێندووەتەوە و چێژم لێ بینیوە، بە تایبەت کە لە ڕێگەی خوێندنەوەی بابەتەکانەوە هەستم بە پوختی زمان و ڕێنووس و بە پێزی بابەتەکان و گەنجینەی فرەڕەنگیی ژانرەکان کردووە لە بواری: ڕەخنە، دەق، هزر و فەلسەفە، زمانزانی و خوێندنەوەی کتێب، نامە، مێژوو، هەڤپەیڤینی بەرفراوان و دەوڵەمەند، هەروەها زۆر جاریش شاعیران و نووسەران و مێژوونووس و زمانزان و ڕۆژنامەنووسانی بەسەرکردووەتەوە و لە تەپوتۆزی لەبیرچوونەوە پاراستوونی.

لە ڕۆژمێری تایبەتی ساڵی (٢٠١٠)ی خۆمدا، لە کۆتایی مانگی چوار، چەند دێڕێک یادەوەریم نووسیوە، لێرە دەمەوێت ئاماژە بە بەشێکی کورت بدەم کە پەیوەستە بە گۆڤاری (ڕامان)ەوە، لەگەڵ ڕەوانشاد م. فەلەکەددین کاکەیی بە بۆنەی هاتنی میوانێکی ئازیز (کەسایەتییەکی ڕۆحانی سەر بە ئاییني عەلەوی بوو، لە باکوری کوردستانەوە هاتبوو، ئەوانە بە دیلمی زازایی قسەدەکەن، کە جۆرێکی هەورامییە) گەشتێکمان هەبوو، بەیانی زوو بۆ زیارەتی مەزاری پێغەمبەر ناحوم (کەنیشتەی ناحوم) کەوتینە ڕێ، لە ناحیەی ئەڵقۆش نزیک شێخان، لە باکووری شاری مووسڵ. من وەکوو هەمیشە لە گەشتەکانمدا کتێبێک، یان گۆڤارێک لەگەڵ خۆمدا بۆ خوێندنەوە دەبەم.

لە شارۆچکە ئارام و دێرینەکەی ئەڵقۆش سوڕاینەوە، پاش زیارەت و ڕامان لە شکۆ و هەیبەتی ئەم شوێنەوارە بەهادارە دێرینەی کوردە جووەکان، بەڕێ کەوتین، لە ڕێگا لە سێبەرێک بۆ پشوودان و نانخواردن جێگامان ڕاخست. لە جانتاکەمدا ژمارە (١١٧)ی گۆڤاری (ڕامان)م دەرهێنا و خەریکی خوێندنەوەی بابەتێکی مامۆستای هزرمەند د. حەمید عەزیزم کەوتە بەرچاو، لە لاپەڕە (١٢٤) دەربارەی (چەند پەیامێک بۆ نەتەوەی ئەڵمان)، لە نووسینی یۆهان گۆتلیب فیختە، کە لە زمانی ئەڵمانییەوە وەری گێڕابووە سەر زمانی شیرینی کوردی. بابەتێکی درێژی (١١) لاپەڕەیی چڕوپڕە، لێرە مەبەستم نییە بچمە ناو ڕاڤەکردنی بابەتەکە و درێژەی پێ بدەم، تەنیا مەبەستمە ئاماژە بە گەوهەری پەیامی بابەتەکە بدەم کە بریتییە لە: (خۆشەویستی نیشتیمان لەلای تاکی ئەڵمانییەوە، یان خۆشەویستی تاکەکەسەکان بۆ نەتەوەکەیان چییە؟).

ڕەوانشاد م. فەلەکەددین کاکەیی تاوێکی باش لەگەڵ میوانەکەی سەرگەرمی گفتوگۆکردنی بەراوردکاری خاڵە هاوشێوە و لێکچووەکانی

ئایینــی یارســان و عەلەوییــەکان بــوو، لــە پڕێکــدا ســەیرێکی منــی کــرد و پرســیاری کــرد: دیــارە تــۆش گۆڤــاری ڕامــان دەخوێنیتــەوە؟ هــەر خێــرا پرســیاری بابەتەکــەی لێکــردم و منیــش کورتەیەکــم بــۆ بــاس کــرد. ئەوەشــم خســتە ســەر کــە بــۆ بەدبەختــی کــورد ئایینیــش ڕۆڵــی نامــۆ بــوون و بــێ مەیــل کردنــی هاووڵاتیانــی کوردســتان لــە بەرانبــەر هەســتی نەتەوەیــی و خۆشەویســتی نیشــتیمان دەبینێــت، ئیتــر لــەم بارەوە دەروازەی گفتوگۆیەکــی درێــژ کرایــەوە، دەربــارەی ڕەگــەزە گرنــگ و بنەڕەتییەکانــی پیرۆزکــردن و بــەرز و بەهــادار ڕاگرتنــی زمــان و خــاک و ئــاو و ئــازادی مرۆڤــی کــورد لــە ئیدیۆمــی ئایینــە کوردییەکانــدا، لــە ســەرزەمینی خاکــی کوردســتانی گــەورەدا، پاشــان ڕەوانشــاد زۆر بــە وردی و بــە درێــژی بــە قســەکانی لەســەر گرنگــی و ڕۆڵ و کاریگــەری پۆزەتیڤــی گۆڤــاری ڕامــان دوا، هەروەهــا ئامــاژەی بــە گرنگــی نووســینەکانی د. حەمیــد عەزیــز کــرد کــە وەکــوو زمانــزان و ئەکادیمیســتێکی شــارەزا لــە بــواری هــزر و بابەتــە فەلســەفییەکان کار دەکات، ئەوســا زیاتــر گرنگــی پێگــەی گۆڤــاری (ڕامــان)م بــۆ دەرکــەوت، چونکــە بــە سروشــت ڕەوانشــاد م. فەلەکەددیــن کاکەیــی شــارەزاییەکی باشــی لەبــواری ڕاگەیانــدن و ڕۆژنامەگــەری و گۆڤــار و بڵاوکراوەکانــی کوردســتان هەبــوو و هەرگیــز نەیدەویســت قســە لەســەر نووســین و گۆڤارێــک بــکات کــە ســەنگ و پێگــەی کاریگــەر و شایســتەی نەبێــت. مەبەســتم لــە گێڕانــەوەی ئــەم یادەوەرییــە ئەوەیــە، گرنگــی نووســین و گۆڤــاری بــاش بــەردەوام کاریگــەری فرەڕەهەنــدی هــزری لای خوێنــەر دروســت دەکات و ڕۆڵ لــە بزاڤــی ڕۆشــنبیریی کۆمەڵگــە و تێکشــکاندنی کــۆت و بەندەکانــی ڕێگــەی پێشــکەوتنی کۆمەڵگــە دەبینێــت.

ڕامــان، پرۆژەیەکــی نەتەوەیــی گرنــگ و کاریگــەری مەزنــە، ڕازی مانــەوەی لــە قۆناغــە ســەخت و قەیراناوییــەکان بــۆ خەبــات و دڵســۆزیی و قوربانیدان و پســپۆڕی ســتافی گۆڤارەکــە دەگەڕێتــەوە، کــە هەمیشــە خۆنەویســتانە و ئامانجدار کاریــان کردووە، هــاوکات لــە ســەرەتاوە تــا ئەمــڕۆ بــێ دڵســۆزی و تایبەتمەنــدی کارەکتــەر و کەســایەتی م. ئــازاد عبدولواحیــد هەرگیــز کردەنــی نەدەبــوو.

مــن وای بــۆ دەچــم پــاش نیــو ســەدە، یــان زیاتــر بیرمەنــد و زانــا و پســپۆڕی دڵســۆزی ئــەم بــوارە بتوانــن خەبــات و خزمــەت و کاریگــەر و و ئامانجــی گۆڤــاری ڕامــان و دەســکەوتەکانی هەڵســەنگێنن و ســاغ بکەنــەوە. لــە گەوهــەری پــرۆژەی گۆڤــاری (ڕامــان)دا شــارەزایی و ســنگفراوانی و دڵســۆزی ســتافی گۆڤارەکــە و ڕۆح و پاڵنــەرە هەرە بەهێزەکەی ئــەو نەفەســە درێــژە، بــۆ تێگەیشــتنی بەڕێوەبــەری ڕامــان و نووســەران لــە گرنگــی و کاریگــەری بەهــای زمانــی کــوردی دەگەڕێتــەوە، کــە وەکــوو ڕۆحــی نەتەوەیەکــی بــێ دەوڵــەت، پێویســتی بــە پاراســتن و خزمەتکردنــی بــەردەوام هەیــە، بۆیــە ٢٦ ســاڵە بــێ دابــڕان خزمەتکردنەکــەی درێــژەی هەیــە و بــەردەوام دەبێــت..

پــرۆژەی ڕامــان پرۆژەیەکــی گرنــگ و چارەنووسسازی نەتەوەییــە و دەکەوێتــە خانــەی کاری بینــاکاری و پێشخســتنی ژانرەکانــی ئــەدەب بــە گشــتی و خزمەتکردنــی زمانــی کــوردی بــە تایبەتــی، کــە ســەرجەم زار و دیالێکت و بنــزاری گرتووەتــە خــۆی و کاری لەســەر کــردوون.